# شەڕی تایفە و ناسیۆنالیزم لەمەی ئێستای باشتری پێنیە بۆ خەڵکی عێراق!

تایەر حاجی حەسەن
Hanskk_01@hotmail.com

ناسیۆنالیزم ئەگەر بۆخۆی دەربڕینێک و پێکەوە گرێدانی دانیشتوانی کۆمەڵگەیەک بەیان بکات بۆ هاوچەشنی ئاخاوتنی زۆرینەیەک بەیەک زمان و، هەڵگری فەرهەنگێکی چوونیەک بخەملێنێت بۆ تاکەکانی نێو ئەو کۆمەڵگەیەی، دەوڵەت و نەتەوە دەبن بە پشت و پەنای پێناسەکانی بۆ خۆسەپاندن و بەرگریکردن لەخۆی. بەدیوێکی دیکەدا ناسیۆنالیزمێک ئەمڕۆ لە عێراقدا دەرگیرە بە خۆسەپاندنی بەسەر کایە تەواونەبوەکانی نێو پەیوەندیە تایفەیی و خێڵەکیەکانیدا، دەگەینە ئەو هەڵوێست گیریەی کە ئەم ناسیۆنالیزمە بە شەلەلی لەدایک بوە و بەشەلەلیش گەورەدەبێت و تەواوی کایەکانی نێو ئەو ناسیۆنالیزمە تێک ئاڵاوە بە نەخۆشییە، بۆماوەکانەوە.

شەڕوخۆکوژیە بێئاکامەکانی ئەمڕۆی خەڵکی عێراق لە نێو سیاسەتی ئەحزاب و تایفە و، جۆراوجۆریەکانی نێوکێشە درێژخایەنەکانی ئەم باڵانەی حازردا، تەنها پەیامێک بە گوێی کۆمەڵگەیەکی داڕوخاودا دەدەن: کوشتن و کوشتن! ئەمەیە فەلسەفەی دەیان دەیەی نێو ئەم جوغرافیا دەستکردەی دەستی زلهێزانی جیهان و گوێلەمستانی بەرژەوەند خوازی سیاسەت مەدارانی عێراق، چ ڕابردوو وە چ ئێستا بێت.

زلهێزانی جیهان بە سەرکردایەتی سیاسی ئەمریکا کاتێک هەنگاو دەنێن بۆ داگیرکاریەکی نوێ و جێخستنی ئەو مەبەستانەی بە شوێنیەوەن، واتە بەرژەوەندیە ئابوریەکان و وەڵام دانەوەیەکی وڵاتانی دیکەی زلهێزی نێو کێشمەکێشەکانی دنیای سەرمایەداری، دەست بۆ وڵاتانێک دەبەن، کە لاوازیەکانی نێوخۆی وڵاتی مەبەست، زۆر زیاترە لە بەرەنگاریەکان و، لە هەمانکاتدا وڵاتی جێمەبەست هێشتا نەبوەتە جێگایەک کێشمەکێشە چینایەتیەکان خۆی تێدا بە بەرهەم هێنابێت، تێگەیشتن لە داگیرکاری خۆ حەشاردراوی ژێر تەسویری ئازادی خۆازی بە زوویی دەرکی پێنەکرێت. ئەو زەلکاوە پڕ لە میکرۆبەی ئەمڕۆ بەرهەم هێنەرەکانی تەواوی سیاسەتی ناوچەکە و خودی ئەحزابی ناسیۆنالیستی مەزهەبی و تایفەیی خولقێنەریەتی، کۆمەڵگای بە جۆرێک خنکاندووە لە نێو ئەو زەلکاوەدا، هێنانە دەرەوەی بە دەستی ئەم بەڕێزانە ڕەنگە کارێکی مەحاڵ و بێهودەییەکی نامۆییانە بێت!

کوشتارگایەک کەم وێنە و ڕۆژانە خۆی دوبارە دەکاتەوە، ناتوانێت بۆ چرکەیەکیش وەستاوی و دەستلێهەڵگرتن لەو کارە قەرار وەرگرێت. ئەمە مانای بێهودەیی زاڵمانەی شەڕی دڕندەکانی سەردەمی بیرنەکردنەوەیە. یان ئامانج دارە و پلانی وردی بۆ داڕێژراوە. تۆ دێیت کێ دەکوژیت! کوشتنی خەڵکی سادە وبێکار و ڕوت و ڕەجاڵ دەتوانێت چ پەیامێکت بگەیەنێت بە گوێی داگیرکاردا. کوشتنی قوتابیانێک تەنها هەڵگری پەیامی هێمنی و دوور لە شەڕیان پێیە! وەحشیەتێک و لاوازییەک کە بووە بە ناوەڕۆکی ئەم دڕندانەی بەرانبەری یەکدیان گرتووە، ئاکامێکی نابوتی خۆیان و کۆمەڵگە بەیان دەکەن.

شەڕی ئەم سەردەمەی عێراق، شەڕی گەڕاندنەوەی سەدام نیە، هێندەی شەڕی خۆ سەپاندنی ناسیۆنالیزمێکی تایفیانەی شیعە گەڕێتیە بۆ نێو کایەکانی دەسەڵات و بنیات نانەوەی دەوڵەت و نەتەوە لە ژێر تەسویرێکی گشتیدا. شەڕی دۆڕاوی ناسیۆنالیستی باڵی سونەگەرایی و بەرەنگارگەرایی لەم شکستەوەیە، نەک هێنانەوەی بەعسیزم و سەدامیزم، خودی ڕژێمی ڕابردوو تەواوی ئاراستەکانی ژیانی بۆ ژێر چەپۆکی خۆی کۆنترۆڵ کردبوو. کۆمەڵگا بە زۆرینە خوازیاری نەمانی ئەو ڕژێمە و کولتورەکەی

بوو، بەڵام ئەوە ئەحزابە ڕەنگاوڕەنگەکانی ئێستایە بەعسیزم و سەدامیزمیان لە نێو چەمکەکانی ئایدۆلۆژیای خۆیاندا هەڵگرتوە و کۆمەڵگایان ڕاپێچی نێو زیندان و کوشتارگا کردووە.

پێنەگەیشتنی مالملانێ ڕاستەوخۆکانی نێو پەیوەندیە بەرهەم هێنەرەکان و ئامرازەکانی بەرهەم هێنان، مانەوەی کۆمەڵگا و چینی ژێر دەست بە پەیوەندیەکی تەواو دواکەوتوانەوە لە ڕوی بەرهەم هێنانەوە، جێگاوڕێگاکان بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ دەسپێرێتە دەستی هێز و سونەتە دواکەوتوەکانی ناو هەلومەرجی باوە و لەبری ئەوەی ناوەڕۆکی تایفەچێتی و مەزهەب گەرایی لەبەریەک هەڵبوەشێنێتەوە، بە پێچەوانەوە، زیندو دەکرێنەوە و دەبن بە بەشی ڕاستەوخۆی نێو بڕیارە چارەنوس سازەکانی ئایندەی کۆمەڵگا. هەر لەم هەڵسەنگاندنەوە دەتوانین بگەین بە هۆکاری مانەوەی بارقورسی ژیانی چینی ژێردەست و ئەو ساتوسەودایانەی ئەحزابە جۆراوجۆرەکان، شەڕیی شارەوەیان بە ناوی سەرجەم کۆمەڵگاوە دەکەن. قودرەت گەرایی ئەم ناسیۆنالیزمە نابەرابەرە و دیار نەبونی ئاسۆیەک و ستراتیژیەتێکی ڕۆشن بۆ داهاتوی مانەوەی خۆی، دەتوانێت تەنها برەو بە بێمافیەکان بدات. مانەوەی ئەم بارۆدۆخە ترسناکە، داهاتوی کۆمەڵگەشی بە خۆیەوە گرێداوە و دەرئەنجام خولانەوەیە بە دەوری بێهودەگەرایدا. ناوەڕۆکی کارو پرۆژە شکستخواردوەکەی دەسەڵاتی سیاسی بۆش و دەورانەکەی، بێئاکامی مانەوەی ستراتیژە بەرژەوەند خوازیەکەی و دەست تێوەردانی دەوڵەتانی چواردەور بۆ پچڕاندنی بە شی خۆیان لە داهاتوی ئەم وڵاتەی بووە بە زەلکاوێکی تۆقێنەر، هەژماردنی کوشتنەکان بە پێی ئامارە ساڵانەیەکانی نەتەوە یەکگرتوەکان،کە کاری ئەم بەڕێزانەش تەنها کورت کراوەتەوە بۆ ئامارکردنی تیاچوان، نەک ئەوەی بە حیساب چ ئەرکێکیان لە ئەستۆدایە! هەموو بەرە و ڕێگایەک ئاراستەکان دەوروژێنن، ئەویش مانەوەی جیهانبینی تەسکی ناسیۆنالستی و گەرمکردنی شەڕی ماڵوێرانیکردنە.

ئەم شەڕە ماڵوێرانکارانەیە بۆ کێیە؟ ئایا نەمانی ڕۆژێک بۆ ئاسودەیی تەنها یەخەی خەڵکی هەژار و بێدیفاعی نەگرتووە؟ ئایا گرانی و بێکاری و نەبونی ئاوی خاوێن و کارەبا و سوتەمەنی هەموو نەبوون بە بەشی خەڵکی هەژار؟ دەکرێت بپرسین ئەوە کام ڕۆژ و کام مێژوو بوو خەڵکی چەوساوە داوای شەڕ و کوشتنی یەکدیان کرد؟ ئەوە هەرئێوەی خاوەن دەسەڵات و زیندان و پەتی سێدارە و قات و قڕی نەبوون، هەمیشە و بێوەستان ئاگرخۆشکەری نێو جەنگەکان بوون؟ ئێوە مەبەستم دەسەڵاتی سەردەستی چینایەتی و تێرنەبوانی خواردنی ئێسک و پروسکی هەژارانە؟

ئێوە دەتوانن ببن بە خاوەنی سەروەت و سامان و سفرەی خوانتان پڕ و جۆراوجۆری خواردنەکان و خەندەکان بێت، بەڵام ناتوانن ببن بەو ئومێدەی ترس لێتان برەوێتەوە و مێژوویەکی دەم بەخەندە بۆ هەموان بنوسنەوە. ئێوە لەسەر بەتاڵکردنەوەی ژیانی هەژاران لە یەکێک لە ئەندامەکانی ناو خوانەکانیان دەتوانن درێژە بە ژیانی خۆتان بدەن. ناسیۆنالیزم و تایفەچێتی تەنها هەڵگری شەرمەزاری و داڕوخانی خۆزگەکانی کۆمەڵگایە.

لە ڕۆژنامەی(ئاوێنەدا، ژمارە 52 ی2007/01/16) بە دواداچونێک کراوە بۆ ئەو سەربازانەی ڕەوانەی شەڕی تایفەیی و پاراستنی ناسیۆنالیزم دەکەن، پرسیار لەیەکێکیان دەکەن بۆ ئەو ڕۆشتنە، ئەویش دەڵێت ( **من نازانم ئەم شەڕە بۆ کێ و بۆچی دەکەم**) منیش دەمەوێت پێت بڵێم ئەم شەڕە بۆ مانەوەی دنیایی وەحشیگەری ناعەدالەتیە و خلۆرکردنەوەی خۆمانە بۆ نێو چاڵی مەرگ بەڕێزم! ئەگەر ناهوشیاریەکانی ئێمەی بێدرک و هەستنەکردن بەهێز و توانای خۆمان نەبێت، ئەوانیش ناتوانن ئاوا بە سادەیی بمانکەن بە قوربانی ئامانجەکانی خۆیان! ئەوەی ئەم هاوپەیمانییەتیە ناڕۆشنەی پێکەوە گرێداوە، نەبونی ئاسۆیەکی ڕونی بەردەم چینی ژێردەستە. بۆیە ئەوان بە ئارەزوی خۆیان و بە پێی

**دەستورێک ئامانجەکانیان تێیدا پارێزراوە دێن بەرنگاری لەو چوارچێوەیە دەکەن و شەڕی داهاتوش مسۆگەردەکەن بۆ سەرشانی خەڵکی کوردستان.**

**جیهانی سەرمایە و چوەساندنەوە لێشاوێک لە گەندەڵی و فەساد و بێحورمەتی دەکات بە گوڵی دەستی و پێشکەشی دەکات و دەڵێت وەرن بۆ خۆتان بە ئاسودەیی لە ژێر باڵی مندا بژین!**

2007/01/17

**هۆڵەندا**